# خوێنی سەر بەفر

برونۆ ک. ئۆییەر (١٩٥١ - )
لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی
(سوید)

ئەمشەو هەموو شتێک بێ دەنگە
گەرم و بێ جووڵەیە
وەک ئەوەی ژیان بە پێی پەتی لەناو گیادا بڕوا
دوا تیرۆژەکان
لەسەر درەختەکان شەڕیان تەواو کرد
زێتر بۆ یاری یەکدی پاڵ دەدەنە خوارەوە
کە زەردەی ئێوارەیش دێ
کورسییەک بۆ من دادەنێ
لای مێز دادەنیشم
کات دەگوزەرێنم
هیچ هۆیەکیش نییە
بەڵام دوای ماوەیەک
هەموو شتێکم بۆ دەگەڕێتەوە
ئەوەیشم دێتەوە بیر جارێکیان چیت گوت
کە ئێمە لە کۆتایی داستانێکی بەدین و
دەبێ بتوانین
خۆمان بۆ دواوە
بۆ پەڕە ئاسوودەکانی سەرەتا هەڵبدەینەوە
لەوێ زێڕ لەناو
دارستانی ڕەشی سنەوبەردا دەبریسکێتەوە
لەوێیش ئاسکی پێکراو
هەڵدەستێتەوە و خوێنی خۆی دەلێستەوە
پەڕەی گوڵی سوور لەناو بەفردا دەلێستەوە.



## نەوەی ئایندە

(چی لە ناخمدا هەیە
شایستەبێت بۆ نەوەی ئایندە بپارێزرێ)
ئەو بیر دەکاتەوە و
کۆشکەکەی بەرانبەر دەبینێ
کە ڕووخێنرا و لەگەڵ زەوی تەخت کرا
تەنانەت بەردی بناغەیش نەماوە
تاکە شتێ کە ڕزگار کرا
پارچەیەک داری زەوی ژوورێکی نووستن بوو
بە پەڵە خوێنە ناودارەکەوە
کە هەرگیز نەتوانرا بسڕێنرێتەوە
هەموو هاوینێکیش نیگای هەمووانی دەکەوتە سەر
ڕیزی درێژی گەشتیاری بۆ دەگیرا.

## میرات

حەز دەکەم
هەموو شتێک جوودا بوایە
حەز دەکەم ڕوانینم بۆ جیهان
بگۆڕدرابا بە
شتێکی ناسکی جوان لەناو دەستەکانم
کە کەسێک لە شووشەی لە هەوا تەنکتری دروست
کردووە
کاتێکیش دایدەنێم
سێبەر نائێتەوە
حەز دەکەم بتوانیبا فەرامۆش بکەم
حەز دەکەم خەم و ئازار نەبان
بەڵام خەم ڕاستییە
خەم بەڵگەیە کە تۆ ژیاویت و
لێرە هەبوویت
خەم ناکڕدرێت و نافرۆشرێت
خەم ڕیاکاریی بۆ کەس ناکا
ژیان کات و کۆمەڵگەیەکی ساردوسڕ
دەتوانن هەموو شتێکت لێ ببەن
هەموو شتێکت لێ ڕووت بکەنەوە
بەڵام کەس ناتوانێ ئەزموونەکانت بدزێ
کەس ناتوانێ یادەوەرییەکانت لێ ببا
کەس ناتوانێ خەمەکانت لێ ڕووت بکاتەوە

## هەر یەکێک لە ئێمە

سەبووریم بە هیچ کەسێک نەدەهات
زۆر باش دەمزانی
هیچ سەبوورییەک نییە وەری بگرم
هەر یەکێک لە ئێمە دوورگەیەکە و
دەبێ تاریکیی خۆی شەن بکا
ئاگای لە بێ توانایی خۆی بێت
ئەو بورجە گەورەیەی ناو دەریا کە دەڵێن هەبووە
لەمێژە تالان کراوە
هەر مرۆڤێک پەڵەتیشکی بچووکی خۆی
هەڵگرتووە و دەڕوا
ڕێگەی خۆی و خەڵکی تریش وێڵ دەکا
چەند و هەتا کەی سەفەر بکەین
دەستی بەرانبەر خۆیشمان نابینین
تاکە مەملەکەتی هەزاران ساڵە ماوەتەوە
هی ناخی زەوییە
منیش زۆر جار لەوێم
بە شەقاماندا شۆڕدەبمەوە کە نەماون
لە قاوەخانان دادەنیشم کە ڕووخێنراون و فەرامۆش
کراون
بەڵام هەمان ساقیی جارانە و
من خۆشم دەوێ
ئەو هەتا کۆتایی هەر ڕۆڵی خۆی دەبینێ
ئەو شەرابە بۆ من و هاوڕێکانم تێ دەکا
هەمیشە دەمانخواردەوە
کە نۆش لەگەڵ یەکتریش دەکەین
نۆش لەگەڵ تەمدا دەکەین
چونکە هەر یەکێک لە ئێمە دەزانێ
ئەوی تر بوونی نییە
تەنیا لەناو ئەم تابلۆ زەیتییە درێژەدا نەبێ
کە بە درێژایی دیواری پشتمانەوە هەڵواسراوە و
کۆمەڵێک سیما دەنوێنێ
دڵی خۆیان گرتووە و
لەسەرخۆ لەناو گیایان داناوە
ڕووبارە ڕەشە بەفراوییەکەی دواوەیش
لرفەلرف دەکا و
چاوەڕێیە بەربدرێتەوە
چاوەڕێیە هەموو شوێنێک داپۆشێ

## هەوری تەنیا

کە چوویتە ناوییەوە
ئەڵقە لە پەنجەت نەبوو
بەڵام ئەم هەورە تەنیایەی ئێوارە شتێکی دەویست
تارای بووکێنی خۆی لە گۆلدا ئاوێنا کردەوە
گەڵایەکی زەرد و سووری پاییزیش
لەناو ئاودا ڕەت بوو
وا دیار بوو بەر لەوەی بەردەوامبێ
لە مەمکێکت گیر بوو
دوور کەوتەوە
کە یەکدیمان بینی
هیچ ئەڵقەیەکی زێڕ
هیچ ئەڵقەیەکی بێ هیوایی، یان بێزاری
هیچ ئەڵقەیەکی (دەبێ)یەکان
لە پەنجەت نەبوو
گفتت بە کەس نەدابوو شووی پێ بکەی و
ژیانیش لە تەنیشتت ڕاوەستابوو
لە هەموو شتێک هاوڕات بوو

شەرمی لەوە دەکرد ئەگەر
چەند ڕێنماییەکت بداتێ.

### ماڵ

ئەو خانووەی
بە خەیاڵەکانم دروستم کرد
دەسووتێ
ئاگری گرتووە
لە شەودا دەدرەوشێتەوە
وا دەکا ماڵەوە بدۆزمەوە

### مەحاڵە کە

سێبەرمان کەوتنە سەر زەوی
لە ئێمە جوانتر بوون
ئەگەر باوەڕیش بە یادداشتم بکەم
شەوێک بوو لەگەڵ تۆ یەک شەو زیاتر

چەندان ساڵ لەمەوبەر بوو
ئێمەیش هەرگیز یەکترمان نەبینییەوە
بەڵام کاتێک وا ڕێککەوت
بەلای ئەو خانووەی تۆ تێیدا دەژیای، ڕەت بم
بیرم لەو ژوورە کردەوە و
گوتم دەبێ هێشتا
سێبەرەکانمان لە ژوورەوە مابن
دەبێ هەستابنەوە و
لە ئاکامدا ئەو شتە مەحاڵەیان کردبێ
یەکتریان لە باوەش نابێ

### سەرسامەکان

پەردە بەرەو ژوور هەڵدەکشێ و
هیچ شتێک ناجووڵێ
شانۆکە دوو کاتژمێر
تەواو چۆڵ، بێ دەنگ و بەتاڵ دەبێ
هەتا پەردەکە لەسەرخۆ شۆڕ دەکرێتەوە

هەموو ڕیز لە دوای ڕیز
بە سەرسامی هەڵدەستنەوە و
دەبێتە چەپڵەڕێزان
کە هەر گەرمتر دەبێ.

### وەڵام

هێندەی من لە بیرم بێ
ئەم گۆڕستانە
هەمیشە بای لێ هاتووە
سێیەم جار توانیم
جگەرەکەم دابگیرسێنم
تەنیا من و پیاوێکی پیری
پاڵتۆلەبەر لێرەین
من لە دوورەوە ئەو دەبینم
ڕوو لە با دەڕوا و دارمازووەکان
بە دەورییەوە وژەوژ دەکەن
بڵند و ترسناک خۆیان دەچەمێننەوە
سێبەرەکانیان بە زەوی دادەدەن و
ئەویش ڕادەوەستێ
وا دیارە هەڵوەستە دەکا بەرلەوەی خێرا
بچێتە لای کێلێکەوە و
بە دەست بیگرێ
دەبینم لەبەر بێ هیوایی
دەیەوێ کێلەکە بلەقێنێ
وەک ئەوەی بیەوێ ژیانی بهێنێتەبەر
وەک ئەوەی ناچاری بکا قسە بکا و
کۆتایی بە نادڵنیایی بهێنێ
لە ئاکامدا وەڵامی پرسیارەکانی هەبێ
کە دڵی بریندار دەکەن
شەوان ئازاری دەدەن

منیش ڕووم وەردەگێڕم
بەرەو دەروازە و گەراجی ئۆتۆمبێل دەڕۆم

BRUNO K: ÖIJER
SVART SOM SILVER
W&W 2008

BRUNO K: ÖIJER
OCH NATTEN VISKADE ANNABEL LEE
W&W 4014

**لە ساڵی ١٩٧٣وە ١٧ دیوانی بڵاو کردووەتەوە، ١٥ خەڵاتی ئەدەبی پێ بەخشراوە، ئاواز بۆ چەند شیعرێکی دانراون و خۆی گۆرانییەکان دەچڕێ.**